## دیکتاتۆر و دیکتاتۆرنەوازن!؟

تێگەیشتنی زۆر لە پسپۆڕ و مێژوونووسەکان هەتا چارەکە سەدەیەک بەر لە ئێستا لە سەر دیکتاتۆرەکان ئەوە بوو، کە" دیکتاتورەکان بە پاڵپشت و هاوکاری بەشێک لە کۆمەڵگا، دیکتاتۆری دادەسەپێنن!" هەر بەو پێیە هیتلێر و حزبەکەی و دام و دەزگاکانی بە تاوانبار دەناسێندران. لە مەڕ شای ئێران دەگوترا " شا خۆی باشە، ئەوانەی دەوروبەری خراپن". لە پێوەندی لە گەڵ دیکتاتوری خومەینی، هەمان باوەڕی نیسبەت بە شا دەگوترا و لێی زیاد دەکرا کە مەلا و ئیسلام، جەوهەری سەرەکی دیکتاتوریان تێدایە و مەلا خەڵکیان بە ناوی خودا فریو دا.

لەم تێگەیشتنانەی سەرەوەدا بە هەر هۆیەک بووبێ، دەوری خەڵک و جەماوەر لە سەقامگیربوون و بەردەوامی دیکتاتوریی لە پرۆسەی دیکتاتوریی لەبەرچاو ناگیرێ و تەواو ون دەکرێ. ئەندامانی حزبی نازی لە ئاڵمان هەشت سەت و چل ونۆ هەزار و نۆ کەس بوون. بە ڵام لە شەڕ جیهانی دووهەم زیاتر لە سی میلیۆن کەس کوژران، ئاڵمان توانی زۆرێک لە خاکی وڵاتانی ئوورووپا داگیر بکا.

ئایا دەکرا بە یەک میلیۆن کەس بە بێ پشتیوانی دەیان میلیۆن خەڵکی ئاڵمان و ئاڵمانی زمان، ئەو کارە بکرێت؟

ئایا شای ئێران دەیتوانی بە دووسەت و پەنجا بنەماڵەی گرێدراو بە سیستەمەکەی پەنجا ساڵ دیکتاتوری بە سەر وڵاتی چەند نەتەوەیی وڵاتێکی چەند دە میلیۆنی داسەپێنێ؟ ئایا خومەینی دەیتوانی بە دوازدە هەزار مەلای بێ بەریی لە پسپۆڕیی و زانستی دەوڵەتداریی، نیزامی، ئابووریی، وڵاتێکی چەند دە میلیۆنی بۆ ماوەی چل ساڵ بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی؟

وڵامی هەموو ئەو پرسیارانە"نایە"! فاکتۆری سەرەکی مانەوەی دیکتاتۆریی خەڵک خۆیانن. ئەوانن کە خۆیان لە گەڵ دیکتاتوری ڕادەهێنن. ئەوانن کە دەبنە دەست و چاو و گوێ و لەشی دیکتاتور. ئەوانن کە دەبنە پێچ ومۆری ماشێنی دیکتاتوریی. بەڵام لە پێش ئەوانەوە ماقوڵان و دەمڕاست و نوخبە و پسپۆڕ و بوروکرات و تێکنۆکرات و کەسانی شارەزا دەبنە کاربەدەستی دیکتاتور و سیستەمی دیکتاتوری، لە سەر شانی ئەوان و خەڵک دادەمەزرێندرێ و سەقامگیر دەبێ.

کوردستانی کۆلۆنی لە هەر چوارپارچە بە باشووری ئێستاوە، نموونەی بەرچاوی بوونی خەڵک و جەماور و نوخبە و شارەزایە، کە دەبنە کۆڵەکەی ڕاگرتنی دیکتاتوریی. سەرجەم ئەوانەش(بە خاس و خراویانەوە) کە ئەمڕۆژانە هەڵات هەڵاتی هەڵبژاردنیانە، مۆرەکانی سەقامگیریی و بەردەوامی دیکتاتوریین. لێرە چەند نموونەیەکی زەق لە نوخبەکانی ڕەدە باڵای بواری زانست لە چوار پارێزگای کوردستان دەخرێتە بەرچاو!

ناوی "........" ئەوەیە، ڕەییسی یەکێک لە کالج(دانشکەدە)کانی زانستگای پارێزگای(....)یە. جەنابی بە نووسینی چەند لاپەڕە کە کوت کوت لێرە و لەوێ دەریهێناوە، بە ناوی پرۆژە، داوای هەشتا میلیۆن تمەن دەکات و دەینێرێ بۆ ستانداری. لەوێ کوتە کاغەزەکەی بە هۆی بێکەڵکبوون و ناستانداردبوون ڕەد دەکرێتەوە، بەڵام لە ڕێگای مافیای گەندەڵکاریی کە ڕێک لە سەر هەتا خوار هەموویان کورد بوون، پەسەند دەکرێ و پارەکە دەدرێتە جەنابی دوکتور، بە بێ ئەوەی پرۆژەیەک لە گۆڕێ دابێ.

پرۆژەکانی سەر کاغەز، یەکێک لە ڕێگاکانی دزیی لە سیستەمی حکوومەتی ئیسلامی ئێرانە، کە گوند و شار و پارێزگاکان هەتا پایتەختی ئێران لە خۆ دەگرێ و کارمەندانی ئیداریی، نیزامی، فەرهەنگی، زانستی، ئابووریی، سەنعەتی و نووسەر و هونەرمەند و سیاسی چەند ڕواڵەت و چەند کارێکتێری کورد لە هەر چوار پارێزگا تێیدا بەشدارن.

لە شوێنێکی تر بۆ "ئاغای... و کۆمەڵێک کەس" ٤٨ میلیۆن تمەن بۆ پرۆژەیەکی سەر کاغەز هەمیسان لە پارێزگایەکی کوردستان تەرخان دەکرێ و خاوەن پرۆژە، پارەکە بە سەر کۆی دزەکاندا دابەش دەکات و لێپرسینەوەش، بۆ "حیفزی ئابڕو، دەبێتە هۆی داپۆشینی مەسەلەکە!"

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو قایمکاریانەی لە هەر چوار پارێزگای کوردستان دەکرێ، گەندەڵکارییەکان دەردەکەوێ کە لە ستاندار و بەرپرسانی یەکەمەوە دەست پێدەکات، هەتا دەگاتە شاردار و فەرماندار و شوڕای شار و ئەوانەش کە لە مەجلیسی ئێران کورسیان وەرگرتووە و زانستگاکان! هەمووی ئەوانە بەشێکی جیانەکراوەی کاولکردنی کوردستان پێک دەهێنن.

کورد فریوی دەورگێرانی ماهیرانەی ئەو کەسانە دەخۆن کە لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێک وەک هونەرمەند، نووسەر، پسپۆڕ، ئاکادمیسێن، خاوەن بیر، سیاسەتمەدار،ڕۆژنامەنوس و ناوی تر دەردەکەون.

خووگرتنی خەڵک بە بوونی دیکتاتورەکان، نوخبەی بێدەنگ و بێ هەڵوێست و سەرجەم ئەو کەسانەی بە بەهانەی پیشە وەک شاعیر، هونەرمەند، نووسەر، ئاکادیمی و پسپۆڕ دوورەپەرێز لە گرتنی هەڵوێستی سیاسی کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە دیکتاتوریی و سیستەم دەمێنن، هەموویان دەور بۆ بەردەوامی دیکتاتۆریی دەگێڕن، چ خۆیان پێبزانن یان نەزانن!

داسەپاندنی هەر سیستەمێک بە بێ بوونی خەڵک ئیمکانی نییە. ترس، دیکتاتور و لەشکر و دامودەزگاکانی پێکی ناهێنن، ترس تاکەکان خۆیان پێکی دەهێنن و زیندانی ترس دەمێنن.

تاک خۆی بڕیار بۆ ئازادیی و سەربەستبوون یان کۆیلەتی خۆی دەدات، خووگرتن بە دیکتاتورییەت و تەحەموولکردنی، هیچ مانایەکی تر جگە لە زەوتکردنی مافی خۆ بە دەستی خۆ نادات.

هەرکام لە ئێمە بە نووسەری ئەم دێڕانەوە، لە مانەوەی سیستەمەکان و بەردەوامی دیکتاتورەکان بە زەوتکردنی دەنگ و هەڵوێستی خۆمان، بەشدارین.

برایم فەڕشی